# نەوت و ئەودیوی نەوت؛ چی لە پشت ئەگەری سازشی نەوتەوە هەیە؟

02-04-2023

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : بۆ زیاتر لە یەك دەیە دەڕوات کە میکانیزمە نێوخۆییەکانی چارەسەرکردنی پرسی وزە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا نەگەیشتوونەتە ئەنجام، جا چ یاسا و بڕیارەکانی دادگابێت یان رێککەوتنی سیاسی لایەنەکان! بۆیە سەرنجڕاکێش نییە کە ئەم جارەش لە کردنەوەی گرێگوێرەی راگرتنی نەوت دا رۆڵی هۆکارە دەرەکییەکان لە پێشەوەبێت. هەڵبەت باردۆخی نێوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەست نادات بۆ ئەوەی لایەنەکان تەنیا لەسەر بۆچوونەکانی خۆیان سووربن و ئەمەش زەوینەکەی ئەگەری سازشی هەردوولایە.

## بەرایی

بـۆ زیـاتر لـە یـەك دەیـە دەڕوات کـە میکـانیزمە نێوخۆییەکـانی چارەسـەرکردنی پرسـی وزە لەنێـوان هـەرێمی کوردسـتان و بەغـدا نەگەیشتوونەتە ئەنجام، جا چ یاسا و بڕیارەکانی دادگابێت یان ڕێککەوتنی سیاسی لایەنەکان! بۆیە سەرنجڕاکێش نییە کە ئەم جارەش لە کردنەوەی گرێگوێرەی ڕاگرتنی نەوت دا ڕۆڵی هۆکارە دەرەکییەکان لە پێشەوەبێت. هەڵبەت باردۆخی نێوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەست نادات بۆ ئەوەی لایەنەکان تەنیا لەسەر بۆچوونەکانی خۆیان سووربن و ئەمەش زەوینەکەی ئەگەری سازشی هەردوولایە.

## نەوتی کوردستان و بەرژەوەندیی وڵاتان

بەر لەوەی بڕیارەکەی دادگا ڕابگەیێندرێت، کۆشکی ئێلیزێ میوانداری ئاشکرا و نائاشکرای بەرپرسانی بەغدا و هەولێری کردبوو، لە نێویشیاندا سەرۆکوەزیرانی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە پێناچێت پرسی وزە و بڕیارەکەی دادگا تەوەری گفتوگۆکانیان نەبووبێت. لانیکەم دوولایەن لە کڕیارەکانی نەوتی کوردستان ئەورووپین و بێجگە لەوەش، لەکاتێکدا کە ئەورووپا سەرقاڵی شەڕی ئۆکراینایە و هەندێك لە وڵاتەکانیشی بەتایبەتی فەرەنسا، چاوی بڕیوەتە سەرمایەگوزاریی ملیار دۆلاری لە عێراق، سەقامگیری پەیوەندییەکانی بەغدا وهەولێر بابەتێکە کە دەشێ بایەخی زۆری پێبدەن.

هێشتا جیهان پێویستی بە نەوتە و ئەمریکاش وەك هێزە گەورەکەی جیهان، بە ئاشکرا داوای هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەمە بێجگە لەو زانیارییە ڕۆژنامەڤانیانەی کە باس لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بەرپرسانی کۆشکی سپی لەگەڵ لایەنەکان دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەی دروستبووە. ڕاستییەکەی بێجگە لە پرسی وزە ئەم بابەتە ڕەهەندێکی دیکەی جیۆپۆلەتیکی و ئەمنی بۆ ئەمریکا هەیە. ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی گرژییەکانی تاران و واشتنتن لە سووریا، بە جۆرێك لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتەی ڕابردوودا چەند جارێك بنکەکانی هەردوولا کراونەتە ئامانج. وەزیری بەرگری ئەمریکا ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کە لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ئێران و لایەنگرەکانی 83 جار لە عێراق و سووریا هێرشیان کردووەتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لە هەمانکاتیشدا ژەنەراڵ مارك مێلی سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکا گوتوویەتی کە ئەوان سەرەڕای هێرشەکان، واز لە ئەرکەکانیان لە سووریا ناهێنن. بێگومان هەرێمی کوردستان دەروازەیەکی پشتەوەی گرنگی لۆجستیکی و فەرماندەییە بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە ئەمریکا لە سووریا و ڕۆژئاوا دەیکات. بۆیە تێکچوونی هاوسەنگییەکانی هێز لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، لانیکەم لەم کاتانەدا بە قازانجی ئەمریکا نییە.

هەر لە پاش ئەو گرژییانەی هەفتەی ڕابردوو لە سووریا، ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەرکی کەشتییەکی سەربازی خۆی لە نزیك ئاوەکانی یۆنان درێژ دەکاتەوە بۆ ئامادەیی هەر بارێکی لەناکاو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەستەمە جارێ بەو دەمودەستە گرژییەکانی سووریا بۆ شەڕێکی گەورە بگۆڕێن، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا چۆنیەتی تێگەیشتنی ئەمریکایە لە هاوسەنگییەکانی هێز لە ناوچەکەدا. ژەنەڕاڵ مارك مێلی جەختی لەوە کردووە کە زیادبوونی هاوبەشییەکانی ڕووسیا - چین و ئێران لە ساڵانی داهاتوودا سەرئێشەیان بۆ دروست دەکات. ئا لێرەدایە کە بایەخی وڵاتان و ناوچەکانی هاوپەیمان لە نێویشیاندا هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا زۆرتر دەبێت. لەم ساڵانەی دواییدا واشنتن سەبارەت بە پرسەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی گرفتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هەیە وەك تورکیا، ئیسرائیل، سعودیە و هەرێمی کوردستان، بەڵام سەرئەنجام دەرکەوتووە کە زیاتر بەپێی بەرژەوەندییەکان و پرسە جیۆپۆلەتیکییەکان دەجوڵێتەوە. پێدەچێت ئەمریکا لە پرسی کەوتنە خوارەوەی کۆپتەرەکان لە چەمانکێ (هەرێمی کوردستان) خوازیاری ئەوە نەبووبێت کە ئەو ڕووداوە زۆر دەنگبداتەوە. هەروەها ڕەنگە ئاستی کاردانەوەکانی هەولێریش بەرامبەر ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵی وەزارەتی دەرەوە کە باسی پاشەکشێی مافی مرۆڤ لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات، لەگەڵ کاردانەوەکان بەرامبەر دووبارە دانانەوەی بابەتێکی بڵاوکراوە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن کونسووڵی ئەمریکاوە بە دڵی واشنتن نەبووبێت، بەڵام ئەمە تەنیا دیمەنێکی پەیوەندییەکانی هەردوولایە و بێگومان تەواوی وێنەکە نییە. ئەوان لانیکەم لەم کاتانەدا، پێویستییەکی دوولایەنەیان بە یەکتر هەیە.

خاڵێکی دیکەش پەیوەندی بە ململانێ گەورەکەی ئەمریکا لەگەڵ چین و رووسیاوە هەیە. ڤلادیمێر پۆتین ڕەشنووسی بەڵگەیەکی سیاسەتی دژە ڕۆژئاوایی ڕاگەیاندووە و پێدەچێت سووربێت لە گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەیار و ڕکابەرەکانی ئەمریکا. وەزیری دەرەوەی ئـەو وڵـاتەش ئێسـتا سـەرنجێکی زیـاتری لەسـەر ڕۆژهەڵـاتی نێوەڕاسـتە و پێنـاچێت لـە دیبەیتـە چاوەڕوانکراوەکەیشـیدا لـە ئەنجوومەنی ئاسایش پەسنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بدات.

ئەمساڵ وەزیری بەرگری ئەمریکا و چەند بەرپرسی دیکەی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی سەردانی هەولێریان کرد و لە کۆنفرانسە ئەمنییەکەی

میونشن، ترافیکی پەیوەندییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی رۆژئاوایی سەرنجڕاکیش بوو، بەڵام جێگەی سەرنجە کە لاڤرۆڤ لە شوباتی ئەمساڵ دا بەبێ ئەوەی سەردانی هەولێر بکات هاتە عێراق و گەڕایەوە! بەپێی قسەی دیپلۆماتێکی رووسی، چاوەڕوان دەکرێت ئەمە بۆ سەردانێکی میخائیل بۆگدانۆڤ نوێنەری تایبەتیی سەرۆکی رووسیا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقیاش وابێت، دیارە ئەگەر گۆڕانێکی دیکە روونەدات. دوای گشتپرسییەکەی 2017، ئەو کاتانەی کە سەرۆککۆماری تورکیا دەیگوت "بەلووعەکەی نەوتەکە دەگرین"، ئەلکساندر دووگین یەکێك لە بیرمەندەکانی تێزی ئاوراسیاگەرایی کە بەرلەو کاتانە، بۆ سیمینارێك سەردانی ناوەندی لیکۆڵینەوەی رووداوی کردبوو، پەیوەندییەکی کرد و گوتی دەتوانن دڵنیابن کە کرملین رازی نابێت بە راگرتنی ئەو نەوتە. نازانم بۆ ئەمەی عێراق چۆن بیردەکاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو تێبینیە گریمانەیەی کە لەوانەیە ئیدارەی کرملین لەڕووی سیاسەتی هاوپەیمانییەوە لەسەر هەولێر هەیبێت و زیاتر بە پرۆ- ئەمریکایی بیزانێت، پێناچێت لە راگرتنی نەوتەکەدا سوودمەندبێت چونکە کۆمپانیاکانی ئەوانیش زیانیان بەر دەکەوێت.

جا ئەگەر بێینە سەر باسی چین! ئەوا بێگومان رێککەوتنەکەی ئێران و سعودیە ئامادەیی پەکینی لە هاوکێشەکانی هێز لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پیشاندا. نزیککردنەوەی تاران و ریاز خەونی ئۆباما بوو. ئەو دەیویست لانیکەم بە قسەی خۆی ئاشتەواییەکی سارد لەنێوان ئێران و سعودیە بەرقەرار بکات، بەڵام نەیتوانی. چین وەك یەکێك لە گەورەترین کڕیارەکانی نەوتی سعودیە کە بەگشتی سەرووی 14%ی نەوتی ئەو وڵاتە دەکڕێت و وەك وڵاتێکیش کە ریککەوتنێکی درێژخایەنی 25 ساڵەی لەگەڵ تاران هەیە، چانسی ئەوەی هەبوو کە ئەمە سەربخات. رەنگە ئەمە لە هەندێك بابەت دا وەك شەڕی یەمەن بە کەڵکی ئەمریکاش بێت، بەڵام دیوێکی دیکەی هەیە کە پەیوەندی بە پێگەی هێزەوە هەیە و ئەستەمە لە قازانجی واشنتن بێت. رەنگە بتوانین بڵێین کە رێککەوتنەکەی هەولێر و بەغدا لەسەر پرۆژە یاسای بودجە کە بەجۆرێك رێککەوتنێکیش بوو لەسەر وزە، لە پشتەوە مۆری ئەمریکای پێوەبوو. ئینجا لەکاتێکدا چین توانیویەتی ئێران و سعودیە پێك بگەیێنێت، تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لەسەر نەوت کە ئەمریکا دەمێکە کاری بۆ دەکات دەتوانێت هەواڵیکی ناخۆش بێت لە واشنتن.

بۆ تورکیا بابەتەکە چەندەی پرسێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی بێت، ئەوەندەش مژارێکی نێوخۆییە. بێگومان جەبری جوگرافیا وایکردبوو کە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەبێ تورکیا نەکردەبێت، بەڵام چی گۆڕا کە ئەنکەرە ئیدی بڕیاریدا بەبێ مۆڵەتی بەغدا نەوتەکە نەنێرێت؟ رەنگە ئەو شرۆڤانەی کە پێیانوایە تورکیا لەبەر بەرژەوەندییەکی ستراتیژی دیکەی وەك پرۆژەی کەناڵی وشکانی کە کەنداو و تورکیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە سیاسەتی خۆی سەبارەت بە وزەی هەرێمی کوردستان گۆڕیوە، تەواوی رووداوە روونەکاتەوە. چونکە پێشتریش باسی ئەو پرۆژەیە و تەنانەت کردنەوەی دروازەی ئۆڤاکیۆی لە ئارادا بوو کەچی تورکیا نەوتی هەرێمی کوردستانی هەر دەنارد. دووەمیش پرۆژەکە هێشتا ئەوەندە نزیك نییە کە بەو دەمودەستە جێبەجێ بکرێت.

جارێ بەر لە هەموو شتێك بۆ ئەردۆغان ئەستەم بوو لەکاتێکدا کە بەرەو هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز دەڕوات پێداگری بکات لەسەر دۆسییەی نەوتی هەرێمی کوردستان. ئەمە کەرەستەیەکی بەهێزی بەگرووپەکانی رکابەری دەدا. خاڵێکی دیکەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پێدەچێ پارتی دادوگەشەپێدان هیوایەکی کەمتری هەبێت بەوەی کە ئەم جارە دەنگی کورد وەربگرێت. بۆیە دروستکردنی کێشەیەك لەگەڵ عێراق لەسەر"کورد" لەو کاتانەدا کە  رکابەرەکانی کار لەسەر گوتاری نەتەوەگەرایی، چەپ و موحافزەکاری دەکەن بژارەیەك نەبوو کە سیاسییەکی پراگماتیکی وەك ئەردۆغان دەستی بۆ بەرێت. هەرچەند هیشتا یاری هاوپەیمانییەکان و ئەندازیارییەکانی هەڵبژاردن کۆتاییان نەهاتووە و تاوەکو ئیستاش قەندیل و ئۆجەلان قسەی کۆتایی خۆیان نەکردووە، بەڵام وادیارە هەدەپە- یەسەپە هاوشێوەی ساڵی 2015 هەر لە ئێستاوە دەیەوێت رێگەی سازانێکی گریمانەیی لەگەڵ ئەردۆغان نەدات. تورکیا لایەنێکی زیانمەندی راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستانە و بەهۆی دۆخی سیاسەتی نێوخۆوە بژارەیەکی زۆر جیاوازی نییە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە لە دەرگاکانی پشتەوە خوازیاری سازانی هەولێر و بەغدا نەبێت.

## پاڵنەرە نیوخۆییەکانی سازانی هەولێر و بەغدا

هەرێمی کوردستان و بەغداش دۆخێکی تەواو یەکانگیریان نییە تاوەکو بتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ پێداگری لە هەڵوێستەکانی خۆیان بکەن، پەرتەوازەیی نێوخۆیی کورد بەتایبەتی ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی، هەروەها بارگرانییە ئابوورییەکانی راگرتنی هەناردەکردنی نەوت کە دەتوانێت رێگە بۆ ناڕەزاییەکی نێوخۆیی بکاتەوە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە وادەکەن هەرێمی کوردستان بەدوای رێککەوتنەوەبێت. راگرتنی نەوت ئەویش رێك لە سەروبەندی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە کۆتاییەکانی ئەمساڵ بکرێت، دەتوانێت هۆکارێکی یاریگۆڕبێت و کاریگەری لەسەر هاوسەنگییە نێوخۆییەکانی هێز لە هەرێمی کوردستان دابنێت.

لەدوای بڕیارەکەی دادگای ICC سەرۆکوەزیرانی عێراق دەرفەتێکی بۆ هاتە پێشەوە تاوەکو بەبێ ئەوەی هەرێمی کوردستانیش

بڕەنجێنێت، دڵی هەندێك لەلایەنە شیعییەکان خۆش بکات بەوەی کە هەوڵی کارکردنی بۆ خواستی ئەوان سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنەوەی وزەی هەرێمی کوردستان داوە. لەکاتێکدا مالیکی، دواتریش عەبادی، عادل عەبدولمەهدی و تەنانەت مستەفا کازمیش بە هەمان ڕێگەدا ڕۆیشتبوون، محەممەد شیاع سودانی نەیدەتوانی لەو هێڵە لابدات کە تاوەکو ئێستا هاتووە.

لەوکاتانەدا کە ئاراستەیەکی بەهێز بۆ ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەڕێی یاسای بودجە و نەوت و گازەوە هەبوو، ڕاگرتنی نەوتەکەی کوردستان لە پاش بڕیارەکەی ICC، دەریخست کە ئەم پرسە قووڵترە لەو باسانەی کە تەنیا لەسەر نەوت دەکرێن. بەڵکو ئەوە تەنیا بەشێکە لەو دیمەنە گشتییەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کە وەك تەونێك لەگەڵ دۆسییەکانی دیکەی وەك سنوور و سیاسەتی هاوپەیمانی پێکەوە چنراون. ئەمانەش پێکەوە، کۆدەکانی قۆناخێکی تازەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا پیشاندەدەن، بەجۆریك کە ڕێك دوو دەیە لە دوای شەڕی2003، هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان و عێراقیش ئەو وڵاتە تەواو فیدراڵییەی لێ دەرنەچوو کە دەستوور پێشبینی کردبوو. وادیارە عێراق دەیەوێت هەموو دەرەفەتەکان بۆ کەمکردنەوەی سنوورەکانی پێشووی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەکاربێنێت، بەڵام دیار نییە تاوەکو چەندە دەیەویت پابەندی ئەو بنەما فیدراڵییانە بێت کە دەوڵەتی نوێی لەسەر دامەزاروە. بەشێوەیەکی گشتی، لە چینەوە بگرە تاوەکو ئیسپانیا، ئیسرائیل وعێراق، ئاراستەیەك بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی ناوچە ئۆتۆنۆمی و فیدراڵییەکان لە ئارادایە، بەڵام پێناچێت هەلومەرجی ئێستای جیهان بۆ ئەمە دەستبدات.

هەبوونی پاڵپشتی کورد بۆ حکومەتەکەی سوودانی لەم ئان و ساتەدا بایەخێکی ئێکجار زۆری هەیە، چونکە لەلایەك نیگەرانیی سوننەکان زیادی کردووە سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی ئەو گفت و بەڵێنانەی کە بەر لە پێکهێنانی حکومەت پێیان درابوو، لەلایەکی دیکەش ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی نێوخۆیی شیعە بابەتیکی جێگەی باسە. ئەمە بێجگە لەوەی کە پەیوەندیی کورد لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەتایبەت ڕۆژئاوا دەتوانێت وەك هەندێکجار فریای حکومەتەکەی بکەوێت. سوودانی دەزانێت کە زۆر لە وڵاتانی جیهان هەرچەند پاڵپشتی سەربەخۆیی کوردستانیش نەبن، بەڵام هەرێمی کوردستانیان دەوێت، لانیکەم وەکو هۆکارێکی هاوسەنگی لە سیاسەتەکانان بەرامبەر بە عێراق. ئەمە تەنانەت بۆ ئێرانیش وایە. ئێران لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا بە پاساوی ئاسایشی سنوورەو تەنگی بە هەرێمی کوردستان هەڵچنیوە و بەم دوواییانە ڕێککەوتنێکی لەسەر پاراستنی سنوور لەگەڵ عێراق واژۆکرد. لە 911 کم سنووری هاوبەشی هەردوولا تەنیا نزیکەی 40-کم لە ملی باکوورەوە( لە دەڤەری سۆران) لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی نزیك یان هاوپەیمانی ئێران دانین و تاران ئەو ناوچەیە بە مەترسی بۆ خۆی دەزانێت. بێگومان ئەمە دەتوانێت زیاتر لە "هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە" پەیوەندی بە دۆخی گشتی نێوخۆیی ئێران و ڕوانگەی تارانەوە بۆ ئایندەی ناوچەکە هەبێت و تاران بە نیازبێت کە هەرێمی کوردستان نەبێتە مەترسی بۆی، بەڵام هەر لە کاتی شای ئێرانەوە تاوەکو ئێستاش، هەبوونی دەسەڵاتیکی ناوەندی بەهێز لە بەغدا واتای هەڕەشەیەکی گەورە دەدات بۆ تاران. جا ئەگەر شیعەکانی عێراق کە بەشیوەی مێژوویی ناوەندی جیهانی شیعەیان لایە و لەڕووی ئابووریی و پەیوەندییشەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەرفەتێکی زیاتریان لەبەردەم دایە، بەهیزتر ببن، ئەوسا مەرج نییە وەك جاران گوێڕایەڵی تاران بن. بۆیە سەرئەنجام زیندووهێشتنەوەی هۆکاری کورد و سوننە لە عێراق لە قازانجی تاراندایە. سەرئەنجام قسەیەکی باو هەیە کە دەڵێ" نابێ ڕێگە بە هاوپەیمانەکەت بدەی ئەوەندە بەهێزبێت کە ئیدی گوێت لێ نەگرێت."

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە ئەگەر پرسی وزەی هەرێمی کوردستان بە زۆری یاسا و زەبری هێز یەکلابێتەوە، ئەوسا سەرۆکوەزیرانی عێراق ناچاردەبێت سەرنجیش بخاتە سەر ئەو هەواڵ و باسانەی کە لە بارەی قاچاخبردنی نەوت لە باشوور و شوێنەکانی دیکەی عێراق هەن و لەوانەیە ئەمەش ڕووبەڕووی دەردەسەرێکی تازەی لەگەڵ هەندێك باند و گرووپی چەکداریدا بکاتەوە، کە ئەویش لەم کاتانەدا کە باری حکومەت بە تەواوی سەقامگیر نییە، شتێك نییە کە بۆی ئامادەبێت.

## کۆتایی

پشتبەستبەستن بە هەندێك ماددەی دەستووری( وەك ماددەی 130) کە ڕێگە دەدات بە کارکردن بەو یاسایانەی پێشوو کە هەڵنەوەشێنراونەتەوە یان هەموارنەکراون، ئەو خاڵە بووە کە بەغدا لەوێوە مامەڵەی لەگەڵ دۆسییەی نەوتی هەرێمی کوردستان کردووە. هەرێمی کوردستانیش پشت بە هەندێك ماددەی دەستووری دیکە(وەك 112، 113، 115) دەبەستێت بۆ باسکردنی ئەو مافانەی کە سەبارەت بە نەوت و گاز هەیەتی. ئەوە ڕوونە کە پاساوە یاساییەکان هەرچییەك بن، هۆکاری یەکلاکەرەوە لێرەدا ڕادەی هێزداری لایەنەکانە.

پێناچێت ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان یان ئەگەری دەرکەوتنی ناسەقامگیریی و گرژییەکی تازە لەنێوان هەولێر و بەغدا لەسەر نەوت بابەتێك بێت کە لە بەرژەوەندی ئەمریکا، ڕووسیا، تورکیا و ئەورووپاش بێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە لەبەرچاوگرتنی ئەوانە، لەو دۆخەی کە ئێستا عێراق و هەرێمی کوردستان پێیدا دەڕۆن، بێجگە لە چارەسەرێکی براوە ـ براوە، لانیکەم لەم کاتانەدا دەرچەیەکی پایەداری دیکە بۆ قەیرانی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ئارادا نییە.